سەید حەکیم پێشوازی لە باڵیۆزی کوێت دەکات و پەیوەندی دوو قۆڵی و سەقامگیری عێراق و ڕۆڵی لە ناوچەکە تاوتوێ دەکات

لەرۆژی 20ی کانوونی دووەم بەڕیز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز حەسەن محەمەد ئەلزەمان باڵیۆزی کوێت لە عێراق کرد و لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی عێراق و کوێت و پێشهاتەکانی دۆخی سیاسی و رۆڵی عێراق لە ناوچەکەکرا کە بەشێوەیەك بێت خزمەتی هەردوو ولات و گەلی برا بکات.

سەماحەتی دووپاتی کردوەوە کە عێراق ئیستا لە دۆخێکی سەقامگیری تێپەڕ دەبێت لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و کۆمەلایەتی کە پێشتر بەخۆیەوە نەبینیوە و ئاماژەشی کرد کە عێراق ئەرێنییەکان کەڵەکە دەکات و سەقامگیری زۆر گرنگە بۆ سەقامگیری ناوچەکە، ئەوەش ئەزموونی ناوچەکە و ڕکابەرییەکانی ناوچەکە ئەو راستییەی سەلماندوە.

سەید حەکیم ئاماژەی بەوەدا کە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە پەیامێکی گرنگی بوژاندنەوەی عێراق بوو، هەروەها زنجیرەیەک پەیامی چاکسازی خستەڕوو کە لەماوەی ڕابردوودا لەبوارە جیاجیاکاندا بڵاوی کردووەتەوە، هەروەها داوای لە وڵا تانی ناوچەکە کرد بەشداری بکەن لە هێورکردنەوەی دۆخەکە و جەختی لە گرنگی دیالۆگ کرد وەک بژاردەیەکی بنەڕەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێردراوەکان و زیادکردنی دەرفەتەکانی سەقامگیری و گەشەپێدان.